# ئەو ساتانەی مرۆڤ دەیداتە دڕندایەتی

کەریم کاکە

وەک چۆن لە میهرەبانیدا هیچ ئاژەلێکی میهرەبان ناگاتە ئەو پلە میهرەبانیەی کە مرۆڤ دەیگاتێ و تێیدا وەک بەفری تواوە چۆڕاوگە دەبەستێ، ئەوهاش هیچ ئاژەلێکی دڕندە، دڕندەییەکەی بارتەقای ئەو دڕندەییە نابێت کە مرۆڤ لە ساتێکی دیاریکراو پێیدەگات و ئاگرئاسا کلێپەدەکات... مرۆڤ کە دایە دڕندایەتی، لە ناو جەنگەلدا خۆی شای دڕندانە.. لە ساتی دڕندەبوون، هەرچی دڕندەیی ئاژەل هەیە، غەریزەییانە لە مرۆڤدا زیندووەو لە سەر پێیە، سەرەڕای ئەوەش دێت لە ڕێی عەقڵەوە هی دیکەی دەخاتە سەرو داهێنانی تێدا دەکات، سەرەنجام دڕندەییەک بەرهەم دێ جیاتر لە هی ئاژەل و تایبەت بە مرۆڤ.

دڕندەیی کە دەرهاویشتەی عەقڵ بێت ترسناکترە لەو دڕندەییەی غەریزە دەیخاتەوە، هی مرۆڤیش لە هەردووکیانەوەیە.. بە نموونە کەروێشکێ وا لە چنگی شێرێکدایەو بۆ تێرکردنی گەدەی ئاژەلانە پارچە پارچەی دەکات.. لەولاوەش ئەوەتا مرۆڤێ مرۆڤێکی لەبەر دەستایەو مرۆڤانە بە چەقۆیەک کە ڕەنگە بۆ سەربڕینی ئاژەل دروستکرابێ، کەروێشکانە سەری دەبڕێ و لەتوپەتی دەکات.. لێرەوە عەقڵی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئەو عەقڵەی چەقۆی داهێناو مرۆڤی پێ سەردەبڕێ، ئەو عەقڵەی ئەتۆمی داهێناو شاری پێ وێران دەکات، ئەو عەقڵەی...

مرۆڤ کە بە زمان بەهرەمەند بوو چەند هەنگاوێکی دی لە دنیای ئاژەلان دوورکەوتەوە، بەڵام دنیاکە بە میهرەبانی و دڕندەییەوە لە زمانەکەیدا ڕەنگی دایەوە، مرۆڤ نەیتوانی خۆی لە هەلسوکەوتی ئاژەلان دابڕکا، هەموو هێماو دەنگە ئاژەلیەکانیشی بە وشە کردو ڕۆژانە بەکاری هێناو دەیهێنێ.. ئەوەتا لە ساتەکانی میهرەبانی، وەک جریوەی چۆلەکە ماچ بە سەر بەرانبەرەکەیدا دەبارێنێ و لە ساتەکانی دڕندەییش وەک شێر دەمرێنێ.

ئەو هەموو ڕستە دڕندەییانە لە خۆوە نیەو لە هەموو کاتێکیش بە هەوادا ناڕۆن، ڕستەیەکە دوو مرۆڤ دەکاتە عاشقەو ماشووقە هەر ڕستەیە مرۆڤ دەکاتە بکوژو کوژراو، ڕستەیەکە وا لە چەکدارێ دەکات مرۆڤێ خەڵتانی خوێن بکات، ئەوە وشەیە وا لە سەرۆکێ دەکات بڕیاری شەڕ دەربکاو هەزاران کوژراوی لێبکەوێتەوە، مرۆڤ توانی زمان دابهێنێ یان خۆرسکانە بووە خاوەن زمان، بەڵام زمانێک هێندەی بۆ یەکتر کوشتنە هێندە بۆ لە یەکتر گەیشتن نیە.. بەوەش نیە وشەی هەڵگری ژیان پترە یان هی هەڵگری مەرگ، بەوەش نیە کامیان لە زیادبوونەو کامیان لە کەمی دەدات، چونکە یەک وشەی مەرگ توانای سڕینەوەی هەموو وشە ژیانیەکانی هەیە..

ڕەنگە مرۆڤێ هەبێ پڕاوپڕ لە دڕندەیی و جێگەیەکی نەهێشتبێتەوە بۆ میهرەبانی، بەڵام زەحمەتە مرۆڤێ هەبێ پڕاوپڕ لە میهرەبانی و جێگەی جۆرێک لە دڕندەیی تێدا نەبێتەوە، مادام زمان لە وشەی دڕندەیی بەتاڵ نەبۆتەوە، لە ساتێ لە ساتەکان مرۆڤ ئامادەیی ئەوەی تێدایە کاری دڕندەیی ئەنجام بدا یا کاردانەوەش بێت.. مرۆڤ خاوەن هەندێ بەهای مرۆییە کە لە

ئاژەلدانیە، بەڵام پێویستی بە هەندێ بەهای دیکە هەیە، ئەو بەها وێناکراوانەی کە ڕەوتێک لە مرۆڤایەتی هەولی بۆ دەدات و ڕەوتێکی دی پێشی پێدەگرێت.

مێژووی مرۆڤایەتی لێوالێوە لە دڕندایەتی، سیستەمە ئابووری_ سیاسیەکانیش نەیانتوانیوەو نەشیانویستووە چارسەرێک بۆ دڕندەیی مرۆڤ بدۆزنەوە، هەموویان جۆرێک لە بونیادی دڕندەییان تێدابووەو تێدایە، سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ ئەو هەندە بەخششەی بە مرۆڤی بەخشیوە، لە دڕندەیش هەر بەخشش بووە، لە بارەی دوارۆژی مرۆ ڤایەتیەوە، ڕەنگە ئەگەری دووەمی مارکس چاوەڕوان بکرێ کە مرۆڤایەتی بەرەو دڕندەیی زیاتر هەنگاو دەنێ.